# « جولندی »
## بۆ چوونی نووسەران و تیشکی مێژوو

کمال نوری معروف

● فۆلکلۆری کوردی بە چیرۆکی جوان جوان دەولەمەندە کە بۆ زەمانێکی دوورو درێژ دەمان گێڕێتەوە ، وەسفی هەندێك شت و مەکمان بۆ دەکات کە تا ئێستا لای ئێمە جێی گومان و سەرسوڕمانە ، گێرەرەوە وامان لێ دەکات کە بە پەرۆشەوە لەگەل داستانەکەدا بڕۆین و گوێ بۆ هەموو بەشەکانی ڕابەلین ، وامان دەخاتە نێو جیهانی ڕووداوەکانی داستانەکەوە وەکوو خۆمان لە هەلویست و هەلس و کەوتەکانیدا هاوبەش بووبین ، چونکە گەلێك ئازایەتی و سوارچاکی و ڕوداوی سەرسوڕمێنەری وەهای تێدایە کە بەکوێ نەمان بیستووە (١) .

لەمانە چیرۆکی ئەفسانەی ( جولندی ) یە کە یەکێکە لەو چیرۆکە کۆنە کوردییانەی کە دەماودەم و پشتاو پشت کوڕ لە باوکەوەو ، منداڵ لە دایکەوە بیستوویەتی و بۆمان ماوەتەوە (٢) ، ( ئۆسکارمان ) لە ساڵی ١٩٠١ ــ ١٩٠٢ لەناو هۆزکانی کورددا لە صاو چبلاغ ( مەهاباد ) لە ئێران ماوەیەك مایەوە لەو بارودۆخەدا هەندێك چیرۆك و ، بەیتی کۆنی کوردیی بە فەرمانی ئیمپراتۆری دەولەتی ئەلمان کۆ کردەوە ، ئامانجی لێکۆلینەوە لەسەر ئەو زمانانە کە هەتا ئێستاش خەلکی مەلبەندی ئێران قسەی پێ دەکەن و پەیوەندییەکی تەواوی بە زمانە کۆنەکانەوە هەیە ) . لە نێوان کۆکراوەکاندا ئەم چیرۆکە ناوبراوە دێتە پێشەوە . ( ڕووداوەکە لە پێشدا بە قسە دەست پێ دەکات و باسی مەدینە دەکات کە تازە ئاوەدان کرابووەوە :

« پێغەمبەری خوڵای لە مەدینی بوو ، دنیا هەموو هی کافران بوو ، بە غەیرەز مەدینەی ، ڕۆژێکی کافران چوونە دیتنی پادشای جولندی تەماشایان کرد لە داخی خەفەتی پێغەمبەرو عەلی و موسولمانەکان ، کە ڕەعیەت و مەخلووقی ئەو دەکوژن و بە غەزای دەزانن دوو مووی لە چەنەی سپی ببوو ...... وە دێتە سەر باسی شەیتان کە داوا لە جولندی دەکات کە پالەوانان بنێرێ ئەو عەلییە بکوژن ، لە کۆتاییدا داوا دەکات هەر کەسێ خەبەری بۆ بێنێ ، حەوت ڕۆژان عەلی لە مەدینە وە دەرکەوێ ، مەدینەی وێران دەکات داری لەسەر بەردی نایەلێ ، شەیتان پێی دەلێ : « مزگێنی حەوت ڕۆژانت بۆ بێنم چم دەدەیێ ؟ » دەلێ : « لە بوت و سەنەمی زیاتر ، لە چاوێکم زیاتر هەرچی ئەتۆ تبەوێ دەتدەمێ » .

لە دواییدا ڕووداوەکە دەبێتە شیعرو دەلێت :

« شەیتان کە لەوێ هەلستاوە
محەلەقێکی لە خۆی داوە
هەتتا مەدینەی موبارەك ڕاوەستاوە (٣) » .

شەتیان خەبەری عەلی بۆ شاجولند دەهێنێت ، شا بە لەشکرێکی گەورەوە پەلاماری شاری مەدنیە دەدات ، دانیشتوانی شارەکە زەنەق دەبات و زۆریان لێ دەکوژێت و بەرەنگاری حەزرەتی عەلی دەبێت و دەلێت :

[ « ئەی عەلی فێرە جەنگە
تۆ لەو شارەت خۆش وێ دەنگە
بنۆڕە دولدولێ ، پساونی بەرۆك تەنگە
کە نیمامی عەلی بە دو لدولیدا نۆڕییە
جولندی گورزێکیدا لە تەوقی سەرییە
هەتا سینە بەندی بە دولدولەوە بە عەرزی ڕەقەو
نیشکی دابردییە » ] (٥)

حەزرەتی عەلی دەکەوێتە خۆی و ، شیرێك لە تەپلی سەری جولندی دەدات ، جولندی دێتە زمان و دەلێت :

[ ئەو شیری زەبرەی تۆ بە من چ نییە ]

حەزرەتی عەلی دەلێت :

« ئەتۆ خۆت ڕاوەشێنە ، بۆ خۆو بە ئەسپت بووی بە چوارده » .

بۆ خۆو بە ئەسپی کەوتە خوارەوە ، (٦)

لە کۆتاییدا گێرەرەوە کە دەلێت :

« وا جولندیان کردووە فەنا ،
ئەو لەشکرەی لافرێك نەما
( ڕەحمان بەکر ) بۆتە وەستا . » (٧)

لەو کەسانەی لەسەرئەم باسەیان نووسیوە

( ئەدمۆندز ) ە دەڵێت هیچ بەڵگەیەکی جیوگرافیو ناوخۆیی بەهێز نییە کە پەیوەندی لە نێوان ئەم چیرۆکەو قەڵای جولندی لە سورداش هەبێت (٨) . هەروەها زانای زمانەوانی گەورەی کورد توفیق وەهبی باسێکی دوورو درێژی لە ( مجلة الكتاب ـ العدد الثاني ـ السنه الاولى ، تموز ١٩٥٨ )دا لەسەر گۆڤاری ناوبراودا بۆ نووسیوین ، هەندێك لەو لایەنە ونبووانەی بۆ ئاشکرا کردووین کە لەوەپێش لە تەمو مژدا دەبینرا ، ئەمەش بە هۆی گەشتێکەوە بوە ، کە زانای بەڕێز لەگەڵ هاورێیانیدا عبدالرحمن مفتیو مامۆستا علی شوقی لە بەرواری ٢٦ـ٥ـ١٩٥٧ دا بۆ ناوچەی سورداش کردوویەتی ، کەتوانیویەتی بە یارمەتیی ئەوان وەسفێکی تەواوی شوێنەوارەکەی جولندی وەدەستبێنێت لەگەڵ تۆمارکردنی چەند چیرۆکێك کە بە دەم جولندیەوە وتراوەو دەماو دەم هاتووەو لای دانیشتوانی ناوچەکە ماوەتەوە ، ـلەمانە داستانی کۆشکی ماتیخە ، شوێنی کۆشکەکە دەکەوێتە بەری چەپی رووباری سور قاوشان بەرانبەر قەڵای جولندی ، کورتەی داستانەکە :

[ ماتینع دایکی پاشا جولندییە ، جولندی تاقە کوڕی ماتیخە ، کوڕە زۆر خزمەتی دایکی دەکات ، لەبەر ئەوەی زۆری لا خۆشەویست بووە ، بڕیاریداوە هەتادایکی لە ژیاندا بێت ژن نەهێنێت، بیرو ڕای وا بوو ئەگەر ژن بێنێت ، ژنەکەی لە خەسووی بێزار دەبێتو ئازاری دەدات ، بەڵام ماتیخ باوەڕیوابووە کوڕەکەیژنبێنێو منداڵێکی ببێت بۆ ئەوەی لەدوای خۆی لە وڵاتی جولندیو زەرزیدا جێگری بێت . لە دوای هێنانو بردنێکی زۆر لە نێوانیاندا ، کوڕە ژن دەهێنێتو کۆشکێك بۆ دایکی دروست دەکات بۆ ئەوەی بە خۆشی تێدا بژی ، کە بەرانبەر کۆشکی کوڕەکەی شا جولندییە ، هەردوو کۆشکەکە بە کۆڵەکەی بەردین لەیەك دەدەن ، کوڕە سەبیلێك بۆ دایکی دروست دەکاتو دەیخاتە سەر کۆڵەکە بەردینیەکانو کلکی سەبیلە کە دەخاتە ژوورەکەی دایکیەوە ، دەمەکەشی بۆ ژوورەکەی خۆی ، هەموو ڕۆژێك پاشا پڕی لە تووتنی خۆش دەکاتو بۆی دادەگیرسێنێت ، دایکیشی دەیکێشێت ، لە دوای ماوەیەك ژنی پاشا پەم کەینو بەینە دەزانێتو لەگەڵ تووتنەکەدا ژەهری بۆ تێ دەکاتو بەهۆیەوە دایکی جولندی دەمرێت ، کاتێكجولندی هەست بەمە دەکات لەتۆڵەی دایکیدا ئاگرێکی گەورە دەکاتەوە ، لاشەی ژنەکەی فڕێ دەداتە ناویەوە ، خۆیشی وڵاتەکەی بەجێ دەهێڵێتو ڕوو دەکاتە شاخ بە تەنیایی دەمێنێتەوە هەتا دەمرێت ] . هەروەها چیرۆکێکی ئەفسانەی تر هەیە کە لە ناوەڕۆکدا لە چیرۆکی پێشەکیە کە دەچێت کە باسمان کرد . لە کۆتاییدا مامۆستا توفیق وەهبی پەنجە بۆ شوێنەوارەکە ڕادەکێشێتو سەردەمەکەی دەباتەوە بۆ ( ٧١٠ ـ ٥٥٠ ) پ . ز بۆ فەرمانڕەوایی مێدیەکان ، خۆی لە قەرەی ئەوە نادات کە ئایا هیچ پەیوەندیەك لە نێوان ئەم چیرۆکانەو شوێنەوارەکەدا هەیە ؟ !! (٩) .

مرۆڤ بە خوێندنەوەی چیرۆکە ئەفسانەییەکەی جولندی لە یەکەم جاردا بۆی دەردەکەوێت کە ئەم رووداوە سەردەمەکەی بۆ سەدەی یەکەمی موسوڵمانەتی دەگەڕێتەوە ، بە ئاشکرا دروشمی ئایینی زەردەشتی پێوە دیارە ، کە لە هیزی شەڕو هێزی خێرێك هاتووە ، یەکەمیان لە جولندیدا کۆبووەتەوە کە چووەتە شێوەی شەیتانەوە ، خۆی کردووە بە کچێکی جوانو فریوی ئیمامی عەلی بداتو، مەدینە وێران بکات ، دووەمیان لە ئیمامی عەلیدا کۆ بووەتەوە کە توانی هێزی شەڕ ( جولندی ) بکوژێتو مەدینە لە وێرانیو کوشتنو بڕین ڕزگار بکات ، [ زەردەشت لە کتێبەکەیدا « ئاوێستا » دەڵێت : دوو هێز هەنو ئەم دووش بە درێژایی ساڵ لە جەنگدان ، دووەمیش یەکێك راستو یەکێك درۆ . یەکێك ڕووناکیو یەکێك تاریکی ، یەکێك پاكو یەکێك پیس . یەکێك چاکەو یەکێك خراپەیە ...... ( ئاهورامزدا ) نیشانێکە بۆ ڕاستیو ڕووناکیو پاکیو چاکیو ( ئەهریمەن ) یش رەمزێکە بۆ درۆو تاریکیو پیسیو خراپی ] (١٠) .

[ هەروەها ئەم دوو هێزە بە ئاشکرا لە چیرۆکی مەمو زیندا دەردەکەون ، هێزی شەڕ کە تاریکییە بەری ڕووناکی دەگریت ، خودای شەڕ بەسەر خودای خێردا زاڵ دەبێت ، بەکرە شۆفار وازناهێنێت ، ئەو کچو کوڕە بێ تاوانانە بە ئاوات بکەن . بەڵام دیسان ڕووناکی پەیدا دەبێتەوە ، خێر سەردەکەوێت ، شەڕ تێ دەشکێت ، بەکر دەکوژێت ، ئەمما درەنگ ، پاش لە نێو چوونی ئەم دولبەرو دلدارە بێ مرادانە (١١) .] دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ لە کتێبی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا دەڵێت : [ لە ئەفسانەی

کوردیداو تەنانەت لە حیکایەتیشدا ، هێزی خراپە هەر ڕووەو نەمان دەڕوات . بۆیە دەبینین کە هێزی خراپەگەر لە وێنەی ( دێوو درنج ) یشدا نەبێت ، ئەوا لە وێنەی پیرێژنێکی ڕەموزنی ئێسك قورسدا دێتە کایەوە ئەنجامی پیرێژنی فەرهاد کوژیش هەر مردنە . لەپاڵ ئەم هێزی خراپەیەشدا دەبینین کە وێنەی تر هەیە وێنەی هێزی چاکەو خێر خوا . کە ئەمیش ئەفسانەی کوردی « پەری » ی ناو لێ دەنێ‌و پەری چاکە لەگەڵ ئادەمیزاددا دەکات . هەر لە ئەفسانەدا جاروبار ئادەمیزادی خراپیش دێتەکایەوە بەڵام ئەو پیاو خراپە هەمیشە لەشێوەی زۆردارو پادشای بە جەزرەبەدا خۆی دەنوێنێ . بەرانبەر بەم وێنەیە لە ئە فسانەی کوردیدا وێنەیەکی چاکەو خێر خواهیش دەبینین کە خدری زیندەیە . ئەفسانەی کوردی ئەم پیاو چاکە لە وێنەی ئادەمیزاددا پیشان دەدات . پیرێکی ئەمر کە تا ئاسمانو زەوی مابێت هەر دەمێنێ ، واتە هێزی چاکەو خێر خوا هەر دەمێنێ‌و فەوتانی بۆ نییە، کەچی هێزی خراپە هەر لە نەماندایە . « خدری زیندە » نامرێت ، لەهەموو شوێنێك ئامادەیە ، بە دەم لێقەوماوانەوە دێت ، یاریدەی هەژاران دەدات ، ڕێگا نیشانی گومڕایانو سەر لێشێواوان دەدات . زۆر جار ڕێگەی ڕاست ، ڕێگەی چاکە کردنو واز لە زۆرداری هێنان نیشانی میرو پادشایان دەدات (١٢).

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لە باری ئایینی‌دا ناتوانرێت ئەدەبی کۆنی فارس لە ئەدەبی کۆنی کورد جیابکرێتەوە ، گەلێك شت ئێستە لە ناو کورددا ماونەتەوە ، دەگەڕێنەوە بۆ دەوری پێش ئیسلامەتی یان بۆ ئەدەبی کۆنیان کە ئەدەبی زەردەشت بووە(١٣). ئەم چیرۆکە نیشانی دەدات ( کە زۆر جار چیرۆك ڕووداوی دەگەڕێتەوە ، کە لە مێژوودا ناسراوبێت . پێویستیش نی‌یە ، بەڵکوو ناشێت ، کە کوتو موت سەرگوزەشتە کە چۆن ڕووی‌دابێت ئاوەها بیگێڕێتەوە . بەڵکوو خەیاڵی چیرۆك بێژو سەرگوزەشتە گێڕەرەوەکەو ئەو کەسانەی دوای ئەو دەیگێڕنەوە شتی تازەی دەخەنە سەرو خەیاڵی تێکەڵ دەکەن .

بە کورتی دیمەنێکی خەیاڵو لێفراوان کردنی میللەتیشی تێدایە بۆیە دەبینین ڕووداوێکی مێژوویی، یان سەرگوزەشتەی کەسێك ، زۆر زل دەکرێتو ، گەلێك کردەوەی بە ئەقڵدا نەچوو دەدرێتە پاڵ قارەمانی چیرۆکەکە (١٤) .

ئەم چیرۆکە فۆلکلۆرییانە بە بەرهەمی داهێنەرانەی گەل دەناسرێتو ڕوخساری ئاشکرای بریتی‌یە لە سادەیی چ لە ڕووی زمانو چ لە ڕووی دەربڕینەوە ، شەقڵی تایبەتی ئەو گەلە یان ئەو زەمانو دەورەی خۆی پێوەیە ، ئەخوازە ، لە وێنەو بیردا . گۆرکی دەڵێت : « لە ڕووی بەرهەمەوە یەکەم فەیلەسووفو شاعیر میللەت خۆیەتی ، هەر ئەویش بەرهەم هێنەرو خولقێنەری ئەو هەموو هۆنراوو داستانەیە کە لە کەلچەری جیهاندا هەیە » . یان دەڵێت : « بناغەی ئەدەب لە فۆلکلۆر ــ واتە ــ لە ئەدەبی خەلکدایە ، فۆلکلۆر کەرەسەیەکی خاوی مەزنو کانو سەرچاوەیە بۆ هەموو شاعیرانو نووسەران ، گەر بە باشی لە رابووردوو بکەین ، بەرهەمی ئەمڕۆمان زۆر ڕەنگینین دەبێتو ئەوسا زۆر بە ووردی لە گرنگیی کۆلکلۆر دەگەین ، دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین کە هەندێك لەو داستانانە کە بە چەند زمانێك هەن ، ئایا کامەیان بە مولکی نەتەوەی کورد دادەنرێت . ئەوەی لە ڕەگەزەوە ، تانوپۆو ڕووداوی هەر کوردی‌یە ؟ دیارە کە بۆ ئەدەبی فۆلکلۆر هەرچی بە کوردی نووسرایان وتراو ، ئەوە مولکی تەواوی نەتەوەی کوردە . بەڵام شتێکیش هەیە کە پێی بڵێین هاوبەش . مار دەڵێت : کە کۆلکلۆری کوردی تەنیا لە ناو کورد خۆیدا بڵاو نی‌یە ، بەڵکو لە ناو گەلانی تری ڕۆژهەلاتیشدا ، وەك عەرەبو فارسو ئازربایجانی‌و ئەرمەنی‌و ئاسووری‌دا باوە (١٥) . ئەمە نیشانی دەدات [ کورد لە چیرۆكو ئەفسانەی کۆندا زۆر دەوڵەمەندە ، بەڵام کۆ نەکراوەتەوەو نەنووسراوە ، هەرشتێك هەبووە هەر دەماو دەم گێڕدراوەتەوو خۆیشی ئەوەندە بە تەنگیەوە نەبووە . لەهەر ناوچەیەك لەناوچەکانی کوردەواری‌بە هەزاران چیرۆکی وای تێدایە کە پڕیەتی لە داستانی ڕابوردووانو لە چۆنیەتی ژیانو کۆمەڵایەتییان ، هەروەها پڕیەتی لە پەندو ئامۆژگاری (١٦) . ] لە کۆتاییدا دەڵێم مێژووی چیرۆکی ئەفسانەی جولندی کە لە پێشەکییەکەدا باسم کردووە بەپێی بۆچوونی من دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی ئەم پارچە شیعرەی تێیدا ووتراوە :

**[ هورمەز گان رمان ، ئاتران کژان**
**ویشان شاردەوە گەورەی گەورەکان**

**زۆرکار ئارەب کردنە خاپوور**
**گنای پالەیی هەتا شارەزوور**
**شنو کنیکا وەدیل بشینا**
**مێرد ئازاتلی وەرووی هوینا**
**رەووشت زەردەشترە مانووە بێ کەس**
**بزیکانیکا و هیو چ کەس (١٧) ]**

ئەو سەردەمەی کە عەرەبە موسولمانەکان بە ئامانجی بلاوکردنەوەی ئاینی ئیسلامی یەوە جێ نشینی کوردە کانیان لە ئیران داگیرکردو توانرا لە دەوروبەری ٦٥٠ی لەدایك بوون لە ئیران کۆتایی بە فەرمانڕەوایی ساسانیەکان بهێنرێتو تیشکی روناکی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە هەموو بەشێکی ئێران بلاوبووەوە . لەبەر ئەم هۆیە ناکۆکیو لەیەکدان لە نێوان ئاینی تازەو ئاینە بلاّبووەکانی تر لە ئێراندا ، وەکوو زەردەشتیو ، مانیو ، مزدەکیو ، مەسیحیو ، یەهوودیو ، بۆذی . هەر بەردەوام بوو ، ئەم ناکۆکیو لەیەکدانە لە نێوانیاندا چوار سەدەی خایاند ، بەلاّم کۆتایەکەی بە سەرکەوتنی موسولمانەکان دوایی پێهێنرا ، لاوازیو گومان لێکراوی بەشی ئاینەکانی تر بوو ، ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی زۆر لەو ئێرانیانە بە کوردو فارسو کەمایەتییەکانەوە کە پایەو شانو شکۆیەکی بەرزیان هەبوو ، لە پێشوودا ، بەخێرایی هاتنە ناو دەولەتی تازەی ئیسلامو شوێنی گەورەیان بە دەستهێنا ، لە دامودەزگای دینیو رامیاریو لەشکریدا ، شێوەیەکی تر بیلێین ئەو شکانەرامیاریو ئاینەی کە تووشیان هات . بەخێر بۆیان گەڕا ئەمەش بە کردنەوەی دەرگای زانیاریو زانستی لەسەریانو رزگاربوونیان لەو باوەڕە پووچەلاّنە کەزەمانێکی دوورو درێژ نەی گەیاندنە ئامانج . ئەمەش لە سەربەخۆیی رامیاریو بووژانەوەی زمانو ئەدەبی گەلییاندا رەنگیدایەوە کە بە هۆیەوە کۆمەلێك چیرۆکی جوانی هێنایە بەرهەم ، کە چیرۆکی ئەفسانەی جولندی یەکێکە لەوانە . بەم شێوەیە لە چیرۆکو داستانو ئەفسانە کۆنەکاندا دەردەکەوێت کە هێزی شەڕو خراپ کاریو ناهەموارو تاریکی دەدەنە پاڵ ئاینە کۆنەکان ، هێزی خێرو بەزەییو چاکەش دەدەنە پاڵ ئاینی تازە کە ئیسلامە ، « شوێنەواری جولندی کە دەکەوێتە ناوچەی سورداش ، شوێنەواری دێرینی تێدایە کە سەردەمەکەی نازانرێت ، هەروەها بەردێکی لێیە بە ناوی (بەردە عەلی) ، دانیشتوانی ناوچەکە دەیگێرنەوە بۆ ئیمامی عەلی ، لەم شوێنەدا پاشماوەی کولەکەی بەردین هەیە ، ئەمە گرنگیی شوێنەکەدەردەخات » . من لەگەل ( ئەدمۆندز ) دام کە دەلێت هیچ بەلگەیەکی جیوگرافیو ناوخۆیی بەهێز نییە کە پەیوەندی لە نێوان ئەم رووداوەو قەلاّی جولندیدا هەبێت .

**سەرچاوەکان**


(١) رۆژنامەی ـ عێراق ـ دووشەممە ١ـ٥ـ٩٧٨ ژمارە (٦٦٣) .

(٢) تحفه مظفرية به زمانی کوردی موکری کرداری تۆسکارمان بەرلین ١٩٠٥ . پێشەکیو ساخکردنەوەو هێنانەوە سەر رێنووسی کوردی هێمن مرکریانی بەشییەکەم چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا ١٩٧٥ .

(٣) تحفه مظفرية ـ بەشی دووەم ـ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا ١٩٧٥ .

(٥) ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ـ لێکۆلینەوە ـ دوکتۆر عزالدين مصطفى رسول بەغدا ـ ١٩٧٠

(٦) ئەدەبی ـکوردی لێکولینەوە لە ئەدەبی کوردیـ علاء الدين سجادی ـ چاپخانەی مەعارف ـ بەغدا ١٩٦٧ م .

(٧) المرشد الى مواطن الاثار والحضارة ـ المرحلة الرابعة لمؤلفه طه باقر و فؤاد سفر